# دڵپیسی، یان ئیرەیی بردن

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، لەڕووی جەستییەوە ئاڵۆزە، جەستە بەرچاوەو بەپێشکەوتنی زانست زیاتر ڕوون دیبێتەوە. بەڵام لەرووی دەروونییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزترو قوڵترە، ئەوەی جێگەی سەرنجە دەروونی مرۆڤ نادیارەو تەنانەت دەروونشیکاریش ناتوانێت بەتەواوەتی هەموو لایەنە تاریکەکانی ناخی مرۆڤ ڕۆشن بکاتەوە. بۆیە دەبینین پزیشکان و دەروونناسان سەبارەت بەشیکردنەوەی دەروونییانەی مرۆڤ گەلەك جیاوازیان لەنیواندایە، بەپێچەوانەی جەستەی فیزیکی کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا لایەنە نەناسراوەکانی زیاتر دەردەکەوێت، واتە زانستی جەستەیی زانستێکی کەڵەکە بووە، بەڵام دەروونناسی ناتوانرێت وەك زانستێکی کەڵەکە بوو سەیر بکرێت.

نەخۆشییە دەروونییەکان بەشێکن لەو دنیا نارۆشنەی مرۆڤ کە تاوەکو ئێستاش بە باشی تێیان نەگەیشتووە، چونکە لەڕووی فیزیکیەوە دەرناکەوێت.

ڕاستە هەندێك لە دەروونناسان زۆربەی کێشە دەروونییەکانیش بۆ تێکچوونی فیزیکیانەی مرۆڤ دەگێڕنەوە، بەڵام ئەو تێکچوونەش دیسان دیارنییەو هەموو لایەنەکانی کێشە دەروونییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەزۆری ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە لەڕووی دەمارییەوە تووشی مرۆڤ دێن، هاوشێوەی ئۆتیزم.

بەڵام کێشەکانی تری وەك ئێرەیی بردن و خۆ بەکەم زانین یان خۆ بەزل زانین، یاخود تاوانکاری، هتد..ناتوانرێت لەڕووی دەمارییەوە لێك بدرێتەوە، هەندێك لەو نەخۆشیانە دەگێڕنەوە بۆ پەروەردەی منداڵی و ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا گەشەیکردوە، هەندێکیشیان بۆ بۆماوەیی لە دایك و بابەوە دەگەڕێنەوە.

لەم بابەتەدا دەمەوێت تیشك بخەمە سەر بابەتێکی هەستیار کە دەتوانین ناوی بنێین نەخۆشییەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی-، ئەم نەخۆشییەش دەبێتە دۆزەخێك و ژیانی ژن ومێردایەتی و خێزانی وێران دەکات و لێکترازانی خێزانی و تەنانەت زۆرجار تاوانکاریشی لێدەکەوێتەوە، تا دەگاتە ڕادەی کوشتن، ئەویش نەخۆشیی دڵپیسییە. بەڵام ئایا دڵپیسی نەخۆشییە؟ بێگومان دڵپیسی یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان کە پێویستی بە چارەسەرێکی وردو درێژخایەن هەیە.

**دڵپیسی یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان کە پێویستی بە چارەسەرێکی وردو درێژخایەن هەیە**

لە ژیانی هەموو تاکێك —ژن بێت، یان پیاو- وەك خوو، کەم تا زۆر ئیرەیی (غیرە) هەیە، بەڵام کاتێك ئەم ئێرەییە دەبێتە بەدگومانی، یان دڵپیسی، ئەوا پێویست دەکات هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و، جارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئیرەی بردن و دڵپیسیدا . بۆ نموونە کەسێك غیرە دەکات لە هاوژینەکەی (جا چ پیاو بێت، یان ژن)، تاوانباری ناکات و کێشە لەگەڵ ئەودا دروست ناکات. بەڵکو کێشەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا هەیەو پەنجەی تۆمەت بۆ ئەوان ڕادەکێشێت. بەڵام کەسی دڵپیس، یان بەدگومان، بەکەسانی دەورووپشت و بەرامبەری ناوەستێت، بەڵکو هاوژینەکەشی تاوانبار دەکات و کاردانەوەی خراپ و بێزارکەری دەبێت، تەنانەت هەندێك جار دەگاتە دەست وەشاندن . بەم حاڵەتە دەوترێت نەخۆشیی دەرونی، کەسەکەش خۆی پێش

**کەسی بەدگومان بەرامبەر بچووکترین هەڵوێست گەورەترین کاردانەوەی خراپی دەبێت**



سوهەیلە نامیق
ڕێنمایی کاری دەروونی

هەموو کەسێك بێ ئارام و شپرزە دەبێت و بەردەوام لە گومان و دوودڵیدا دەژی، دڕدۆنگ دەبێت و، ژیان لە خۆی و دەوروبەریشی تێك دەدات.

**کەسانی بەدگومان چۆن دەناسرێنەوە؟**

کەسی بەدگومان بەرامبەر بچووکترین هەڵوێست گەورەترین کاردانەوەی خراپی دەبێت.

چاودێریی وردی هاوژینەکەی دەکات و دەیەوێت بزانێت بۆ کێ دەڕوات و لە کوێیە؟

هەر کاتێك لەبەرچاوی بزربوو، بە پەیوەندیکردن و نامەناردن بێزاری دەکات.

بەدواداچوون بۆ پەیام و نامەی دەنگی ناو مۆبایل دەکات و لە بچووکترین شت دەکۆڵێتەوە.
ڕەفتار و کردەوە و جووڵەکانی نائاسایی و شپرزە دەردەکەون.

وای لێ دێت، چیرۆك و شتی هەڵبەستراو بە خەیاڵیدا دێت و، وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر خەیاڵەکانی خۆی باس دەکات و دەبێتە بوختان.

ئازادیی بەرامبەر ناهێڵێت و ڕێگری لە تێکەڵبوونی بە هاوڕێ و کەسانی نزیکی دەکات.

بەدگومانی و دڵپیسی دەرئەنجامی فاکتەرە دەرونی و کەسێتی و ژینگەییەکانە.

کەسانێك تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، کە خۆیان هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن.

ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنیان و چۆنێتی تێگەیشتنیان لە پەیوەندیی خێزان لاوازە و تەنانەت لە سۆزداری تێڕوانینی هەڵەیان هەیە بەرامبەر بە خێزان و ژیانی هاوسەرێتی، کەسی دڵپیس وا دەزانێت هاوژینەکەی موڵکی خۆیەتی و دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێت.

ئەو ڕووداوانەی لە منداڵیدا بە سەری هاتووە، وەك: ترس لە لەدەستدان و بێبەش بوون لە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی و مامەڵەی خراپ و شکاندنەوەی بەردەوام، هۆکارگەلی دیکەن.

دەشێت لە ئەنجامی خەیاڵ و ئەندێشەی وەهمیی کەسەکە خۆی بێت، یان دەرئەنجامی تێکچوونی مێشك بێت، یان هەستی خۆبەکەم زانین بێت. چونکە ئەو کەسانەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوون، هەست بە تووڕەیی و ترس و دڵتەنگی و ئازار و بەزەیی بەخۆداهاتنەوە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە شکست دەکەن.

**ئەی چارەسەر چییە؟**

زۆر گرنگە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کەسە بدۆزرێتەوە، پێش ئەوەی نەخۆشییەکەی ببێتە هۆی هەڵوەشانەوە و جیابوونەوەی خێزانی. جا لەبەر ئەوەی هۆکارەکان جیاواز و هەمەجۆرن، کەواتە چارەسەریش دەبێت هەمەجۆر بێت، بۆ نموونە چارەسەری دەروونی بە دانیشتن لەگەڵ نەخۆشەکە و دواندن و گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانی منداڵی و ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتوون، یان بە پێدانی دەرمانی دژە خەمۆکی و تایبەت بەو حاڵەتە دەروونییە، یان ئاراستەکردنی دەروونی و ڕەفتاریی کەسەکە، یان ڕەخساندنی کەشێك کە متمانەی بۆ بگێڕێتەوە و بتوانێت جارێکیتر مامەڵەی دروست لەگەڵ هاوسەری بکات.

دەبێت ئەوەش بزانین ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیی دڵپیسی دەبێت، پێشتر تێکچونێکی دەروونیی وەك دڵەڕاوکێ، یان خەمۆکی هەبووە.

**بەدواداچوون بۆ پەیام و نامەی دەنگی ناو مۆبایل دەکات و لە بچووکترین شت دەکۆڵێتەوە. ڕەفتار و کردەوە و جووڵەکانی نائاسایی و شپرزە دەردەکەون.**

**زۆر گرنگە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کەسە بدۆزرێتەوە، پێش ئەوەی نەخۆشییەکەی ببێتە هۆی هەڵوەشانەوە و جیابوونەوەی خێزانی**

# داوا دەکرێت پشتگیریی خانمانی میدیاکار و پارێزگاریکردنیان لە گێچەڵ و دەستدرێژی بەیاسا ڕێکبخرێت

**کاری میدیا و ڕاگەیاندن لە هەر وڵاتێکدا بایەخی خۆی هەیە، میدیاکارانیش پێگە و قورسایی خۆیانیان هەیە. بەڵام لە زۆر وڵاتدا بە کوردستانیشەوە، میدیاکاری ئافرەت زۆر جار کێشە و گرفتی گەورەی بۆ دروست دەکرێت و، زیاتریش بە هۆی ئەوەی کارەکەی لە دەست نەدات، ناچار دەیشارێتەوە، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان-یش داوا دەکەن پشتگیریی خانمانی میدیاکار و پارێزگاریکردنیان لە گێچەڵ و دەستدرێژی بەیاسا ڕێکبخرێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«لە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی عێراقی وەك پەیامنێر کارم دەکرد، مامەڵەی سەرنووسەر لەگەڵ کارمەندەکان و لەگەڵ منیش مامەڵەیەکی باوکانە بوو، بەڵام بەرپرسی بەشێکی ڕۆژنامەکە بەهۆی ئەوەی تەسلیمی حەزەکانی نەدەبووم، هەمیشە بیانووی بە کارەکانم دەگرت و، کارە مەیدانییەکانمی ڕەت دەکردەوە، تەنانەت هەڕەشەی نان بڕینی لێ دەکردم.» ئەوە قسەی سەلوا عەبدولجەبار بوو، وەك خۆی باسی دەکات، لەپێناو «پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی» کارەکەی لە دەست داوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «فشاری ئەو پیاوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو، بەڵام لە ترسی ئابڕووچوون نەمتوانی لای سەرنووسەر باسی بکەم، چونکە دڵنیا بووم سەرنووسەر چەند کەسێکی باش بێت، باوەڕ بەو دەکات، نەك بە من، ئەو کارمەندی چەندین ساڵەی ئەو بوو، لێرەوە داواکارم بۆ ئێمەی ئافرەتان جیهەتێك لە سەرووی هەموو کارمەندانەوە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکانی خۆمان باس بکەین، بێ ئەوەی ترسی لە دەستدانی کارەکەمان هەبێت».

لانە ئامانج پارێزەر و سەرۆکی ڕێکخراوی لانەی ژنان، کە ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنووسیشی هەیە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەرچەند ئامارێکی وردمان لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەراسانکردنی خانمان لە شوێنی کاردا ڕووی لە زیادبوون کردووە، مەترسیی ئەو هەراسانکردنەش لەسەر خانمانی ڕۆژنامەنووس لە شوێنی کار و لە دەرەوەی شوێنی کارەکەی زیاترە، هۆکاری نەبوونی ئاماریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنان کاتێك ڕووبەڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە، ناوێرن یان شەرم دەکەن، یانیش ترسی لە دەستدانی کارەکەیان وادەکات، بێدەنگی هەڵبژێرن، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدایە ڕێژەکە لە بەرزبوونەوەدایە.» گوتیشی: «بێگومان گێچەڵ پێکردن و هەموو ئەو شێوازە نامرۆیی و توندتیژییانەی بەرامبەر



کەسی قوربانی دەکرێ، کاریگەریی درێژخایەن و هەندێ جار هەمیشەیی لەسەر دەروون و ژیانی قوربانی بەجێ دێڵێت. هەندێ جار نیشانەکان تێپەڕن و ئەو کەسە دەتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێت، وەلێ زۆر کات نیشانەکان تەنانەت مەترسیداریشن، بۆ نموونە، دەگاتە ئاستی تووشبوون بە جۆرەها حاڵەتی دەروونی، وەك فۆبیای سێکس، خەمۆکی و خۆکوشتن، سەرباری تووشبوون بە جۆرەها لادانی رەفتاری و سێکسی، بەتایبەتی کاتێ قوربانی لە منداڵیدا دووچاری ئەو حاڵەتانە دەبێت. بۆ نموونە دەشێ ببێتە کەسێکی هۆمۆسێکواڵ و لە رووی سێکسییەوە تەنیا هاوتوخمەکەی خۆی سەرنجی رابکێشێ.هەرچەندە لە هەردووکیاندا زۆربەی کات کەسی قوربانی توخمی مێینەیە، یان منداڵە، وەلێ جیاوازیی هەیە لەنێوان گێچەڵ پێکردن و دەستدرێژیی سێکسی، لەم بارەدا دەشێ هێزی جەستەیی، هەڕەشە و توندوتیژی روو بدات، وێڕای فەرامۆشکردنی نارەزایی و هاوار و رەتکردنەوەی قوربانییەکە، هەروەها رەفتاری سێکسیی نەخواستراوە، لە رێی بەرکەوتن و دەستلێدانی جەستەیی، یان ئاماژەی جەستەیی وەك ئاماژەی چاو، یان لە رێی وشە و دەستەواژەی سێکسییەوە. شوێنە گشتییەکان و شوێنی ئیشکردن بەتایبەت ئافرەتان و کچان هەراسان دەکرێن لە شوێنی کارەکانیاندا، بۆیە پێویستە پارێزگاریکردنیان لە گێچەڵ و دەستدرێژی بەیاسا رێکبخرێت».

د. نەزاکەت حسێن سکرتێری لیژنەی داکۆکی لەئازادیی رۆژنامەنووسی ومافی رۆژنامەنووسان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بواری رۆژنامەگەری یەکێکە لەوبوارانەی کە چ بەهۆی ئەوەی رژێمی بەعس راگەیاندنەکانی کۆنترۆڵ کردبوو، دەرفەت لەبەردەم ژن و تەنانەت پیاوی رۆژنامەنووسی کورد نەبووە کە بچێتە ئەو بوارەوە، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت، ئەوانیش بەردەوام بەربەستیان بۆ دروست کراوە. دوای راپەڕینی ١٩٩١،هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەبارترو ئازادتری بۆ کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری رەخساند، ئەگەرچی تا ماوەیەك و بگرە تا ئێستاش لەرووی پێگەو وێنەو بوونی ژن و چەندێتی و چۆنیەتییەکەی لەناو دەزگاکانی راگەیاندن جێگای مشتومڕە کە لەئاست پێویستدا نییە، لەگەڵ ئەم بابەتەشدا پرسی دیکە هەن تایبەت بە کاری میدیایی ورۆژنامەنووسی مێینە کە جیهانییەو رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و رۆژنامەگەری لەجیهاندا توێژینەوەو کۆنفرانس و سیمیناری تایبەتی لەبارەوە دەکەن و، بەهەندوەریان گرتووە، ئەوانیش مەسەلەی جیاکاری لەکرێ و پێدانی پێگەو دەرفەت رەخساندن و گێچەڵ پێکردن ومامەڵەی ناتەندروستە لەگەڵ ژنانی رۆژنامەنووس، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ هەیە لەچوونە پێش وبەشداریی ژن لەم بوارەدا، خەبات وشۆڕشی کولتووریی ویست تا ژنان بێنە ئەم مەیدانەو کاربکەن، چەندین ژن قوربانییان داوە بە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەری لەلایەن خێزان، یان کۆمەڵگەوە، تەنها لەبەرئەوەی لە راگەیاندن کاریان کردووە، بەڵام ئەگەر رێگری لە جیاکاری و دیاردەی گێچەڵ پێکردن بە ژن نەکرێت، رەوتەکە لەکەداردەبێت و، لەم بوارەدا پاشەکشەی ژنان دروست دەبێت.»

د. نەزاکەت حسێن، ئەوەشی خستەڕوو کە لیژنەی داکۆکی لە رۆژنامەنووسی ومافی رۆژنامەنووسان لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چەندین داتاو سکاڵایان بەدەست گەیشتووە، لەلایەن رۆژنامەنووسانی ئافرەت کە «لەدەزگاکانی راگەیاندن مامەڵەی ناتەندروست وجیاکارییان بەرامبەر ئەنجام دراوە». بۆ زانینی ئاست و رێژەو جۆرو راستی و دروستیی بابەتەکە، راپرسییەکمان لەگەڵ ٧٠ ژنە رۆژنامەنووسی چالاك ومەیدانی کرد لەتێکرای دەزگا راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە بۆمان دەرکەوت، تەنیا حاڵەت نییە، بەڵکو دیاردەیەو پێویستە هەوڵی جددی بۆ بدرێت و، ژینگەیەکی لەبار بۆ کاری رۆژنامەنووسی بەگشتی و رۆژنامەنووسی ژنان بەتایبەتی دروست بکرێت.» پێشنیاری رۆژنامەنووسانی مێینەی بەشداربووی راپرسییەکەش بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە بەم جۆرە دەستنیشان کرد:

١-پشتگیری بۆ ژنانی رۆژنامەنووس و پارێزگاریکردنیان لە گێچەڵ وئیستیغلالکردن بەیاسا رێکبخرێت و، ئەم جۆرە کارانە بەتاوان هەژمار بکرێت.لەهەمان کاتدا رەچاوی بارودۆخی تایبەتیی رۆژنامەنوسانی مێینە بکرێت لە پاراستنی ماف بەتایبەتی لەکاتی منداڵبوون و مۆڵەتی دایکایەتی و دابینکردنی دایەنگە بۆ منداڵەکانیان لەناو دەزگاکانی راگەیاندن.

٢-کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ هەردوو رەگەز لەسەر ئەو بابەتە.

٣-سەندیکا هۆشداری بداتە دەزگاکانی راگەیاندن لەم جۆرە پێشێلکارییانە.

٤-چاودێریکردن و بەدواداچوون لەلایەن سەندیکاوە بۆ ئەم کارانە و بۆ چاودێریی ئەم بارودۆخە.

٥-سزادانی ئەو کەسانەی ئەم کارانە بەرامبەر ژنانی رۆژنامەنووسدەکەن.

٦-ژنان لەناو دەزگاکان بخرێنە شوێنی بڕیارەوە و جیاکاری نەکرێت لە پێدانی پێگەو هەل بۆ هەردوو رەگەز.

٧-پابەندبوونی دەزگاکانی راگەیاندن بە گرێبەست و پاراستنی مافی رۆژنامەنووسانی گرێبەست بە پشتبەستن بەو رێکارە یاساییانەی کە یاسای ژمارە ٣٥ی رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٧ لە مادەی حەوتەم لە هەردوو بڕگەی شەشەم و حەوتەم ئاماژەی پێکردووە».

**بەرپرسی بەشێکی رۆژنامەکە بەهۆی ئەوەی تەسلیمی حەزەکانی نەدەبووم، هەمیشە بیانووی بە کارەکانم دەگرت**

**پێویستە جیهەتێک لە سەرووی هەموو کارمەندانەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکانی خۆمان باس بکەین، بێ ئەوەی ترسی لە دەستدانی کارەکەمان هەبێت**

**هەرچەند ئامارێکی وردمان لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەراسانکردنی خانمان لە شوێنی کاردا رووی لە زیادبوون کردووە**

**ئەوەی ئەمڕۆ هەیە لەچوونە پێش و بەشداریی ژن لە کاری میدیا، خەبات وشۆڕشی کولتووریی ویست تا ژنان بێنە ئەم مەیدانەو کاربکەن**





# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی یەکەی یەکسانیی جێندەری دەکاتەوە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە پێناو بایەخدان و بەگەڕخستنی تواناکانی خانمان، لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، یەکەی یەکسانیی جێندەری کراوەتەوە، تانیا جەمال غەریب بەرپرسی یەکەی یەکسانیی جێندەری لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وردەکاریی ئەو یەکەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخاتەڕوو و لەمبارەیەوە رایگەیاند: «دوای ئەوەی ئەنجومەنی خانمان بە هاوکاریی (یوئێن و مێن نۆ) خولی بۆ بەشێك لە فەرمانبەرانی هەندێ وەزارەت کردەوە، تا بتوانن یەکە، یان بەش، یا لەژێر هەر ناوێکی دیکە بکرێتەوە بۆ یەکسانیی جێندەری، لەبەر ئەوە یەکەی جێندەریی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ماوەی دوو ساڵە کراوەتەوە، هەرچەندە تا ئێستا لە پەیکەری وەزارەتدا دانەنراوە، بەڵام لە هەوڵی ئەوەداین کە بۆ ئەمساڵ بخرێتە ناو پەیکەری وەزارەتەوە و وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتییش بە جددی پشتگیری بابەتی یەکسانیی جێندەرە و چاوەڕێی ئەوەین بۆ ئەمساڵ بخرێتە ناو هەیکەلەکەوە.» گوتیشی: «ئەم یەکەیە لەگەڵ ئەوەی ماوەی ساڵێکە بە هۆی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ وەك هەر کار و پیشەیەکی دی، کارەکانی سست ببوون و، نەمانتوانی ئامانجەکە بپێکین، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە کاتی کەرەنتینندا توانیمان بە هاوکاری و خەمخۆریی رێکخراوی ئێمە کۆمەڵێك کاری بنەڕەتی ئەنجام بدەین، وەك: (هەڵسەنگاندنێك بۆ پێگەی ژن لە سنووری وەزارەتدا، تا بتوانین تیشك بخەینە سەر کەموکوڕییەکان لە سیاسەت و یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت لەو بوارەدا)، بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی نۆدا بە ئامادەیی وەزیری کار و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەنجومەنی خانمان و چەند کەسایەتییەکی دیکە، هەڵسەنگاندنەکەمان خستە ڕوو، بۆ ئاگاداربوون و هاوکاریکردنیان بۆ بەرەوپێشچوونی یەکەکە، هەروەها بە باشمان زانی کە پەیڕەوێك بۆ یەکەکە دابنێین و تەنیا ئەوەندە ماوە کە لە ناوەندی یاسای پەسەند بکرێت و، کاری پێ بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پلانێکی زۆر تۆکمەمان داڕشتووە بۆ کاری یەکەی یەکسانی جێندەری بۆ ساڵی ٢٠٢١ کە بریتییە لە چەندین خول و وۆرك شۆپ و کۆنفرانس و گرتەی ڤیدیۆیی و پۆستەر وناميلکەی هۆشیارکردنەوە. کە هەموو ئەوکارانە بە هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتی کار و رێکخراوی ئێمە کراوە و، بە هیوای ئەوەین کە بتوانین پێگە و توانای ئافرەتان چ وەك ستاف و فەرمانبەرانی وەزارەت، چ وەك سوودمەندان و چ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیی ناڕاستەوخۆیان بە وەزارەتەوە هەیە و هەوڵی دۆزینەوەی هەلی کار و خولی پیشەیی دەدەن، پاڵپشتییان بکەین و، پاڵپشتیی تەواوی ئەو ئافرەتانەش دەکەین کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، بە پێی ئەو توانا و دەسەڵاتەی کە هەمانە.» هەر لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: «ئامانج لە کردنەوەی ئەو یەکەیەو، بەدیهێنانی یەکسانیی جێندەرییە لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵگەشدا، لە ڕێگەی بەرزکردنەوە و توانا و لێهاتوویی ئافرەتان و بەگەڕخستنی تواناکانیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو.»

لێرەوە ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی خانمان و ڕێکخراوی ئێمە کە هاوکار و پاڵپشتی تەواوی ئێمەن.

**پاڵپشتیی تەواوی ئەو ئافرەتانەش دەکەین کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، بە پێی ئەو توانا و دەسەڵاتەی کە هەمانە.**

**ئامانج لە کردنەوەی ئەو یەکەیەو، بەدیهێنانی یەکسانیی جێندەرییە لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵگەشدا**

# لە هەولێر خۆم بە ئاوارە و غەریب نازانم، خەڵکەکەی مەرد و میواندۆستن و هاوکاری کەسانی هەژار و لێ قەوماو دەکەن

**ڕێزگرتن و حورمەت دانان بۆ گەورەی ماڵ، واتا دایك و باوك بەشێکە لە شوناسی کولتووری کورد و ئەرکی خزمەتکردن و بەخێوکردنیان لە کاتی پیریدا لە ئەستۆی منداڵەکانیاندایە، بە پێی توێژینەوەکان، هەڵسووکەوتی نەشیاو لەگەڵ بەساڵاچووان، شاراوەترین جۆری توندوتیژی خێزانییە و دەکرێ کەسە نزیکەکانی تا دوا ساتەکانی تەمەنی لەرووی مادی و مەعنەوی پاڵپشتی بکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



لە ئێوارەیەکی ساردی زستاندا، پیاوێکی بە تەمەن بە گۆچانێکەوە لەسەر شۆستەی شەقامی تازەی بنەسڵاوە بە دیار کەلوپەلەکانی وەستابوو و چاوەڕێی کریارێکی دەکرد گسکێکی لێ بکرێت، موحسین عەبدوڵا تەمەن ٦٠ ساڵ، ئەو لە دایکبووی شاری حەسەکەی رۆژئاوای کوردستانە، چەند ساڵێکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە، موحسین عەبدوڵا بۆ پەیدا کردنی بژێوی رۆژانەی خۆی و خێزانەکەی لەسەر شەقامەکانی شار گسك دەفرۆشێت، وەك خۆی باسیدەکات کوڕەکانی هیچ هاوکارییەکی ناکەن.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ پەیامنێری گۆڤاری گوڵان، ئاماژەی بەوە کرد کە:»هاوژینم ماوەی سێ ساڵە ئەمری خوای کردووە، چوار کوڕم هەیە سێ کوڕم هاوسەرگیرییان کردووە و ئەوان بە تەنیا دەژین و بەهۆی سەختی ژیانکردن هیچ هاوکارییەکم ناکەن و لێم ناپرسن، کوڕە بچووکەکەشم لەگەڵ خۆم دەژی، ئەو منداڵە توانای کارکردنی نییە، لەئێستاشدا هەردووکمان لە دارەتوو خانووێکمان بە ١٠٠ هەزار دینار بەکرێ گرتووە، رۆژانە گسك دەفرۆشم و ئەو گسکانە بە دەستەکانی خۆم دروست دەکەم و لێرە دەیانفرۆشمەوە، شاری هەولێر زۆر خۆشە و هەرگیز لێرە خۆم بە ئاوارە و غەریب نازانم، خەڵکەکەی مەرد و میوان دۆستن، هەروەها هاوکاری کەسانی هەژار و لێ قەوماو دەکەن:».

سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی لە رۆژئاوای کوردستان، موحسین عەبدوڵا دەڵێت: «لە رۆژئاوای کوردستان لە (سەرێ کانی) خانوو و زەوی کشتوکاڵیم هەبوو و بە ئاژەڵداری و جوتیاری خەریك بووین، بەڵام ئەو زەوییانە هەمووی داگیر کران و ئێستا بێ ماڵ حاڵم، لەبەر ئەوە بیر لەوە ناکەینەوە جارێکی دی بگەڕێینەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتین، گرنگ ئەوەیە سەر سەلامەت بێت ماڵی دنیایێ دێت و دەڕوات».

موحسین عەبدوڵا لە کۆتایی قسەکانیدا وێڕای رێز و سوپاسی بۆ خەڵکی شاری هەولێر، گوتی: داواکارم لە خوای گەورە کە هێز و توانام پێ ببەخشێت و بتوانم بە رەنجی شانم بژێوی رۆژانەی خۆم و کوڕە بچووکەکەم پەیدا بکەم، لێرەوەش داوا لە کەسانی خوا پێداو دەکەم کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەن، چونکە نان پەیدا کردن بۆ کەسێکی بە تەمەنی وەك من لە رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ زۆر سەختە»،

هاوژین عەلی:

# لەماڵەکەی خۆمدا نۆرینگەیەکی بچووکی پزیشکیم کردووەتەوە، بۆ ئەوەی موحتاجی دەستی کەس نەبین

**چالاکانی بواری مافی ئافرەت جەخت لەوە دەکەنەوە، ڕێگرییەکانی دایك و باوکان لە چالاکی و خۆپێگەیاندنی کچان، هەمیشە داهاتووی ئەو کچانە بەرەو ئاسۆیەکی نادیار دەبات. پێشنیاریش دەکەن، باوان لە بری ڕێگرییەکانیان لە ئەکتیڤبوونی کچیان، بەرچاوڕوونی بە کیژی خۆیان بدەن و، هەوڵ بدەن پشتیوانییان لێ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوویەکی درەوشاوە و گەش بۆ خۆیان درۆست بکەن و خاوەن داهاتی خۆیان بن. یەکێك لەو ئافرەتانەی کە بەردەوام لە ڕەوتی پێشکەوتنیدا لەلایەن باوانیەوە بەربەست و کۆسپی گەورەی بۆ دروست کراوە، باسی چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر کێشەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



هاوژین عەلی ئافرەتێکی تەمەن ٣٧ساڵان و باڵا مامناوەندە و وەك خۆی باسی دەکات، لەگەڵ ئەوەیدا کە بەردەوام لەلایەن باوانیەوە بەربەست و کۆسپی گەورەی بۆ دروست کراوە و ڕێگریی زۆریان لە خوێندن و دەرچوونی لەماڵ کراوە، توانیویەتی پەیمانگەی پزیشکی بکات و، چاوەڕوانی دامەزرانی حکوومیشی نەکردووە و، لە ئێستادا نۆرینگەی پزیشکیی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی کردووەتەوە. ئەو خاتوونە بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەکات: «کاتێك کچ بووم، بابم و براکانم ڕێگەیان نەدەدام بچمە دەرەوە، تەنانەت بە زۆر و پێداگریی داپیرەم باوکم ڕازی بوو بڕۆمە قوتابخانە و ڕۆژانەش تەنیا لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە و لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە، کە دەشچوونە میوانی ئەمنیان نەدەبرد، کە میوانیشمان دەهات، بۆم نەبوو بیانبینم، وەکو هەر کچێك نەمدەتوانی جلوبەرگ بە دڵی خۆم لەبەر بکەم، داوای هەر جلێکم بکردبا، دەیانگوت وەکی مێردت کرد، بە دڵی خۆت جلکەکانت بپۆشە، ئەگەر داوای سەردان و سەیرانم بکردبا، دەیانگوت کەی هاوسەرگیریت کرد، لەگەڵ ئەو بە

کەیفی خۆت بگەڕێ و بسووڕێ، تەنانەت کاتێك خوێندنم تەواو کرد، ڕێگەیان نەدام فۆڕمی دامەزراندن پڕ بکەمەوە و پێیان گوتم کچی ئێمە نابی بچێتە فەرمانگە، کەی مێردت کرد بۆ خۆت دەوام بکەو ئیش بکە، ئیدی ئەمنیش وردە وردە لەوە راهاتم کە خەون و خولیاکانم بەو کەسەی لە داهاتوودا دەبێتە هاوسەرم ببەستمەوە، هەر بە خەیاڵ خۆشییەکانی ژیانم لەگەڵ ئەودا دابەش دەکرد، وەهایان لێکردبووم، وابیر بکەمەوە کەوا هاوسەر واتا فانۆسی سیحراوی عەلائەدین و هەموو خەون و خۆزگەکانم جێبەجێ دەکات، وام لێهات هەر کەسێك بێتە داوام، رازی بم و لەو بەندیخانەیەی ماڵی بابم رزگار بم، دواجار خزمی دراوسێیەکمان بە شێوەی عەشایەری هاتە داوام و دوای ئەوەی کەسوکارم رازی بوون، ئەمنیش بێ یەك و دوو رازی بووم، هەر زوو لە ماوەی دەزگیرانی ئەو کوڕەم زۆر خۆشویست و ئومێدێکی زۆرم بە ژیانی هاوبەشیمان هەبوو، بەڵام ئەو هەر لە هەفتەی یەکەم دەستی لەسەرم بڵند کرد، پیاوێکی زمان شڕ بوو، بە راست و چەپ ئیهانەی دەکردم و، جنێوی بە کەسوکاریشم دەدا، ئیهانەکانی ئازاری دەروونیی زۆریان دەدام و کاریگەریی زۆری لە سەرم هەبوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو بە دەستی ئەو کەسە بوو، کە لە گیانی خۆمم خۆشتر دەویست، کەچی ئەو سووکایەتی پێ دەکردم.»

هاوژین عەلی، ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە ستەمکارییەکانی هاوسەرەکەی نەشاردووتەوە و لە لای خێزانەکەی ئاشکرای کردووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لەبیرمە جارێکیان بۆ دایکمم باس کرد، کە ئەو پیاوە چەندە خراپە و تەنانەت بیرم لەوە کردۆتەوە بۆ بابم باسی بکەم، دایکم نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، گوتی: ئەگەر ئیشێکی وا بکەیت، بابت کەپووی هەردووکمان دەبڕێت، هاوسەرەکەشم کە دەیبینی چەندە داماو و بێ پشت و پەنام زیاتر ئیستیغلالی دەکردم. ساڵان هات و تێپەڕی بەو قەدەرەم رازی بووم و هەمیشە بە خۆمم دەگوت کە بابی خۆم زوڵمم لێ بکات و وەکو ئینسان رەفتاری لەگەڵ نەکردووم، بۆچی نابێت بێگانەیەك زوڵمم لێ بکات؟ ئێستاش دایکی سێ منداڵی وردیلە و جوانم ئەگەرچی ژیان لە دۆزەخێکدا دەکەم، بەڵام بە بوونی منداڵەکانم دڵخۆشم و تا لە ژیاندا مابم، رێگە نادەم چارەنووسی منداڵەکانم لە چارەنووسی من بچێت.» گوتیشی: دایکی من ئافرەتێکی بێ دەسەڵات بوو، تەسلیمی یاسای پیاوسالاری ببوو، بەڵام ئەمن بۆ منداڵەکانم دەبمە قەڵغان و دونیای ئەوان بە خۆشەویستی و متمانەوە دەنەخشێنم، ئەمڕۆکەش دوای ئەو هەموو رووبەڕووبوونەوەیە لە ماڵەکەی خۆمدا نۆرینگەیەکی بچووکی پزیشکیم کردووەتەوە، بۆ ئەوەی موحتاجی دەستی کەس نەبین. هیواداریشم بە تێپەڕبوونی کات، باوکی منداڵەکانیش ویژدانی بجووڵێت و بەخۆیدا بچێتەوە.»

عوبێد خدر گۆمەشینی سەرپەرشتیاری رێنماییکارە و سەبارەت بە بەسەرهاتی ئەو خاتوونە تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «بابەتی لەم جۆرە، ئێمە رۆژانە رووبەڕووی دەبینەوە، زۆر بە ئاشکرا و بە زەقی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و بەردەوامیش دووبارە و دەبارە دەبنەوە، هەزاران کچ و ژن هەن بوونەتە قوربانیی نەریت و کولتووری کۆن، لە زۆر لە خێزانەکان بەتایبەت ئەوانەی لەژێر کاریگەریی عەشیرەتگەری و دابونەریتن، رێگری لە خوێندن و تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە دەکەن، خێزان هەیە باوك و دایك و برا و ئەندامانی دیکە، لە جیاتی پاڵپشتیی کچەکانیان بۆ خوێندن و متمانە بەخۆبوون بکەن، زیاتر هانیان دەدەن بۆ هاوسەرگیریکردن و چوونە ماڵی خۆیان، دەڵێن ژن بۆ ماڵ و مێردە، چ پێویستی بە کارکردن و خوێندنە، ئەمەش وا دەکات، کەسایەتیی کچ لە بەر چاوی کەسانی دیکە بە لاواز و بێ توانا سەیر بکرێت، کێشەکە ئەوەیە لە کۆنەوە جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕ دەکرێت، ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کچ دروست دەکات، ئەگەر باوك و برا وەك دوو هاوڕێی کچ و خوشکی خۆیان بن، کەسایەتیی کچەکەیان لاواز و بێ هێز نابێت، بەداخەوە کاتێ کچی بێ پشتیوانی باوك و برا هاوسەرگیری دەکات، لای ماڵی هاوسەرەکەشی بە چاوی سووك سەیر دەکرێت.» گوتیشی: «نەبوونی رۆشنبیریی هاوسەرگیری زۆرجار بۆتە هۆی کێشە لەنێوان هاوسەران، گرنگە هاوژین و هەر یەك لە هاوسەرەکان باوەڕ و متمانەیان بە کەسایەتیی خۆیان هەبێت و گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بدەن، پێویستە ئارامگر بن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان نەبنە قوربانیی توندوتیژی، دایك دەبێت هەوڵی ئەوە بدات بە نەرم و نیانی و بە شێوەیەکی زیرەکانە دڵی هاوسەرەکەی بۆ خۆی ڕابکێشێت، چونکە تازە لەناو پرۆسەی هاوسەرگیرییە و پێویستی بە ددان بەخۆداگرتن و ئارامی هەیە، لەبەر ئەوەی هەر کێشە و گرفتێك لەوانەیە ببێتە هۆی لێك ترازان و هەڵوەشانەوەی خێزانەکەی و پەرتەوازەبوونی منداڵەکانی، بەتایبەتی ئەو خاتوونە پێویستە گرنگی زیاتر بە ژیان و داهاتووی منداڵەکانی بدات، ژیانێکی پڕ لە میهرەبانی و شایستە بۆ منداڵەکانی دابین بکات، ناشبێ بەهۆی کارکردن و ئیشی ماڵەوە خێزانەکەی پشتگوێ بخات، هەمیشە دایك پیرۆزی و گەورەیی خۆی هەیە و، هیچ کەسی دیکە ناتوانێ رۆڵی ئەو ببینێت.».

**داوای هەر جلێکم بکردبا، دەیانگوت وەکی مێردت کرد، بە دڵی خۆت جلەکانت بپۆشە**

**بە بوونی منداڵەکانم دڵخۆشم و تا لە ژیاندا مابم، رێگە نادەم چارەنووسی منداڵەکانم لە چارەنووسی من بچێت**

**ئەگەر باوک و برا وەک دوو هاوڕێی کچ و خوشکی خۆیان بن، کەسایەتیی کچەکەیان لاواز و بێ هێز نابێت**

**کاتێ کچی بێ پشتیوانی باوک و برا هاوسەرگیری دەکات، لای ماڵی هاوسەرەکەشی بە چاوی سووک سەیر دەکرێت**